Co-funded by the European Union

HOME AFFAIRS FUNDS SAFETY FOR ALL | 2021-2027

HELLENIC REPUBLIC
Ministry of Migration & Asylum

CRS CATHOLIC RELIEF SERVICES

CARITAS ATHENS

وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران
بەرنامەی هاوکاری نەختینەی یۆنان بۆ داواکارانی پاراستنی نێودەوڵەتی

# زانیاری گرنگ

## تێبینی گرنگ:

CRSلە **٣٠ ی حوزەیران 2025** هەمووکارەکان ڕادەگرێت. دوایین پارە کە ئێمە جێبەجێی دەکەین بۆ مافی **ئاداری 2025** دەبێت. لە دوای ٣٠ی حوزەیران، ئەگەر پێویستت بە هەر زانیارییەک یان یارمەتی هەیە سەبارەت بە پرۆژەی پارە، تکایە **پەیوەندی بکە بە کارمەندی نیشتەجێبوون لە کەمپەکەتدا**

### زانیاری گرنگ

بەرنامەی هاوکاری پارەی یۆنان دابین دەکرێت بۆ ئەو داواکارانەی پاراستنی نێودەوڵەتی کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی فەرمی نیشتەجێن لەلایەن دەسەڵاتدارانی یۆنانەوە. ئەمانە دامەزراوەی پێشوازیی کراوەن وەک سەنتەری وەرگرتن و ناسینەوە (RICs)، و پەناگەکان کە هاوکاری وەزارەتی کۆچ و پەنابەری دەکەن.

پرۆگرامەکە لەلایەن وەزارەتی کۆچ و پەنابەرییەوە بەڕێوەدەبرێت لەڕێگەی خزمەتگوزاری فریاگوزاری کاسۆلیکی و هاوبەشەکەیەوە، کاریتاس ئەسینای پایتەخت. ئەو هاوکارییە نەختینەیە بۆت دابین دەکرێت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان، وەک خواردن، جل و بەرگ، پێڵاو، کەلوپەلی پاکوخاوێنی کەسی، پەیوەندییەکان، گەشتکردن لەناو شوێنی نیشتەجێبوون، هەروەها خەرجییە سەرەتاییەکانی قوتابخانە و دەرمان.یارمەتییەکان بە مەبەستی دابینکردنی ئەم پێداویستیانە بۆ ماوەی مانگێکە لەو بەروارەی کە کۆدی پارەدانت وەرگرتووە بۆ کۆکردنەوەی هاوکارییەکانتان

### ١. چۆن یارمەتی دارایی وەرگرم؟

دەتوانیت ڕاستەوخۆ لە دەزگای هاوبەش وەریگریت **دوای وەرگرتنی کۆدی پارەدان لەسەر مۆبایلەکەت**.

### ٢.کەی دەتوانم هاوکارییە نەختینەکانم وەربگرم؟

- تۆ نامەی SMSیان ڤایبەرت پێدەگات لەسەر ژمارەی مۆبایلەکەت بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوەی کە یارمەتی پارە بەردەستە بۆ کۆکردنەوە لە ئاژانسی دەزگای هاوبەش.
- کۆدی پارەدانەکەت هاوبەش مەکە. گرنگە ئەم زانیاریانە بە نهێنی بهێڵرێتەوە. بۆ کەس شەیری مەکە.

### ٣.چۆن دەتوانم یارمەتی دارایی لە دەزگای هاوبەش کۆ بکەم؟

کاتێک پارەدانەکەت تەواو بوو، **کۆدی پارەدان** بۆ مۆبایلەکەت وەردەگریت. پێویستە ئەم کۆدە لەگەڵ **بەڵگەنامەی ناسنامەی فەرمی** خۆت پێشکەش بکەیت، **بۆ دەزگای هاوبەش** بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی داراییت. یارمەتی پارە تەنها **دەتوانرێت کۆبکرێتەوە لەلایەن وەرگری کۆدی پارەدانەوە،** نەک لەلایەن کەسێکی تر.

### ٤.دەتوانم چی بکەم ئەگەر کۆدی پارەدانەکەم وەرنەگرتبێت، کۆدەکەم لەدەستدا، یان ئاژانسەکە داخرا؟

تکایە پەیوەندی بکە بە هێڵی یارمەتی:

تەلەفۆن ٢١٠٣٣٠٠١٧٠
دووشەممە - هەینی* 9:00 بەیانی - 5:00 ئێوارە
* بەدەر لە ڕۆژانی داخراوە

سەردانی greecehelpline.crs.org/ بکە یان کۆدی QR بەکاربهێنە بۆ پڕکردنەوە و پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەکەت

## تێبینی گرنگ:

هێڵی یارمەتی کاریتاس ئەسینا لە **٣٠ ی حوزەیران 2025 کارەکانی ڕادەگرێت**. پاش ئەم بەروارە، ئەگەر پێویستت بە هەر **یارمەتییەکی پارە بوو،** تکایە پەیوەندی بکە بە کارمەندی نیشتەجێبوون **لە کەمپەکەتان** بۆ تۆمارکردنی پرسیارەکانت.

Sorani

Co-funded by the European Union
HOME AFFAIRS FUNDS SAFETY FOR ALL | 2021-2027
HELLENIC REPUBLIC Ministry of Migration & Asylum
CRS CATHOLIC RELIEF SERVICES
CARITAS ATHENS

### ٥.چەند ڕۆژم هەیە بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی لە ؟

٣٠ ڕۆژت دەبێت بۆ کۆکردنەوەی هاوکارییە داراییەکان. ئەگەر لەم ماوەیەدا نەتوانیت کۆی بکەیتەوە، تکایە پەیوەندی بە ئەکتەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەتەوە بکە.

### ٦. چۆن بزانم نزیکترین دەزگای هاوبەش لە کوێیە؟

لە پەیامی پارەدانەکەتدا لینکت لەگەڵ نزیکترین دەزگای هاوبەش وەردەگریت و هەروەها دەتوانیت پەیوەندی بە ئەکتەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەتەوە بکەیت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە وردەکارییەکانی گواستنەوە. پارەدانەکان پەیوەست نین بە هیچ دەزگایەکی دیاریکراوەوە، و دەتوانیت لە هەر شوێنێکی بەردەستی دەزگای هاوبەش وەک بۆت گونجاوە وەریبگریت. هەروەها ئەکتەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت و 210330 0170 هێڵی یارمەتی دەتوانن یارمەتیت بدەن لە دیاریکردنی شوێنی نزیکترین دەزگای هاوبەش.

### ٧. دەتوانم چی بکەم بۆ ئەوەی پشتڕاستی بکەمەوە کە وردەکارییەکانی پارەدانەکەم ڕاستن؟

دەتوانیت پەیوەندی بە ئەکتەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەتەوە بکەیت بۆ پشتڕاستکردنەوەی وردەکارییەکانی بایۆداتاکانت (ناو، ناوی کۆتایی، DIKA، بەرواری لەدایکبوون و ژمارەی تەلەفۆنی یۆنانی) بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ دواکەوتنێک نەبیتەوە لە پارەدانەکانت.

### ٨.لە کوێ دەتوانم ژمارەی تەلەفۆنەکەم تۆمار بکەم؟

لەگەڵ پشتڕاستکردنەوەی بایۆداتاکەت، ئەکتەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت دەتوانێت وردەکارییەکانی پەیوەندیکردنی ڤایبەرەکەت تۆمار بکات. لە ئەگەری ئەوەی پێشتر زانیارییەکانت پشتڕاست کردبێتەوە دەتوانیت پەیوەندی بە هێڵی یارمەتی بکەیت بۆ زیادکردنی ژمارەی تەلەفۆنە نوێیەکەت.

### ٩. پێویستە چی بکەم پێش سەردان کردنی دەزگای هاوبەش؟

پێش ئەوەی سەردانی دەزگای هاوبەش بکەیت دڵنیابە لەوەی کە بەڵگەنامەی ناسنامەی یاسایی و کۆدی پارەدانت هەیە. **تۆ ناتوانیت پارەکەت کۆ بکەیتەوە بەبێ بەڵگەنامەی ناسنامەکەت (کارتی پەنابەری).**

### ١٠- ئایا دەزگاکە داوای هەر زانیارییەکی زیادە لە لایەنی منەوە دەکات؟

بە شێوەیەکی ئاسایی، ئاژانسەکە تەنها داوای بەڵگەنامەی ناسنامە و کۆدی پارەدان دەکات. بەڵام بەڕێوەبەرەکە لەوانەیە بپرسێت:

- ناوی تەواوی تۆ (وەک ناسنامەی یاسایی)
- بەرواری لەدایکبوون
- **ئامانجی ئەم مامەڵەیە: بەخشینێک لە CRS و Caritas Athens لە ژێر بەرنامەی هاوکاری نەختینەیی**
- **پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر: سودمەندێکە کە لەلایەن CRS و Caritas Athens تۆمارکراوە**
- ناوی نێرەر: CRS و Caritas Athens
- شوێنی لەدایکبوون
- نەتەوەیی
- ناونیشانەکەت
- بڕی وەرگیراو
- ناوی تەواوی باوکت
- ناوی تەواوی باپیرت
- پیشەکەت

### خۆت و خێزانەکەت لە فێڵ و تەڵەکە بپارێزە!

زانیارییە کەسییەکان و بەڵگەنامەکانی ناسنامەت دەبێت لە هەموو کاتێکدا بە نهێنی و نهێنی بمێننەوە. تەنها زانیارییە کەسییەکانی خۆت لەگەڵ ڕێکخراوە یارمەتییە متمانەپێکراوەکان و دەسەڵاتداران هاوبەش بکە ئەگەر داوای لێکرا. هەرگیز زانیارییە کەسییەکانی خۆت لە سۆشیال میدیا و ماڵپەڕە بێ متمانەکان مەدە.